# هەر خاوەنی زێڕ وزیوێك مافەكەی (زەكاتەكەی) نەدات؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا پزیشكی ئاگرینی بۆ ئامادە دەكرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر خاوەنی زێڕ وزیوێك مافەكەی (زەكاتەكەی) نەدات؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا پزیشكی ئاگرینی بۆ ئامادە دەكرێت كە لە ئاگری دۆزەخدا سوور كراونەتەوە، لاتەنیشت و نێوچاوان وپشتی پێ داخ دەكرێت، هەر كاتێک (پزیشكەكە) سارد بووەوە دووبارە گەرم دەكرێنەوە، لە ڕۆژێكدا كە ماوەكەی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا دادوەری لەنێوان هەمووو بەندەكاندا تەواو دەكرێت، پاشان ڕێگەی پێ نیشان دەدرێت یان بەرەو بەهەشت یان بەرەو دۆزەخ»،
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند جۆرێك لە سامان ڕووندەكاتەوە، لەگەڵ باسكردنی سزای ئەوانەی زەكاتی ئەم جۆرانە نادەن لە ڕۆژی قیامەتدا، لەوانەیش: یەكەم: ئاڵتون وزیو وئەو شتانەیش كە حوكمیان هاوشێوەیە لە سامانەكان وشتومەكە بازرگانیەكان، كە زەكاتیان تێدا واجبە بەڵام نایدەن، ئەگەر ڕۆژی قیامەت بێت ئەوا دەتاوێنرێنەوە ودەكرێن بە پارچە لەوحێكی گەورە، وگەرم دەكرێن لەناو ئاگری دۆزەخدا، وخاوەنەكەی پێ سزا دەدرێت، بۆیە لاتەنیشتی ڕووی ونێوچەوانی وپشتی پێ داخ دەكرێت، هەركاتێك سارد بێتەوە؛ دووبارە گەرم دەكرێتەوە، بەم شێوەیە سزادانی بەردەوام دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا كە ماوەكەی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا خوای گەورە حوكم دەكات لەنێوان خوڵقێنراوەكاندا، ئینجا لە خەڵكی بەهەشت دەبێت یان لە خەڵكی دۆزەخ. دووەم: خاوەنی وشتر كە زەكاتی فەرز وماف جێبەجێ ناكات لە وشترەكانی، لەو مافانەیش: دۆشینیان وبەخشینی شیرەكان بە هەژارە ئامادەبووەكان، لە ڕۆژی قیامەتدا ئەم وشترە گەورە وقەڵەوانە دەهێنرێت وژمارەیان زیاترە، وخاوەنەكەیان ڕادەخرێت لەسەر زەویەكی فراوان وتەخت، وشترەكان پێدەنێن بە خاوەنەكەیان، وبە ددانەكانیان گازی لێدەگرن، ئەگەر كۆتا دانەیان بەسەریدا پەڕوات ئەوا یەكەم دانەیان دیسانەوە پێی پێدا دەنێت، بەم شێوەیە سزادانی بەردەوام دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا كە ماوەكەی بەپێی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا خوای گەورە حوكم دەكات لەنێوان خوڵقێنراوەكاندا، ئینجا لە خەڵكی بەهەشت دەبێت یان لە خەڵكی دۆزەخ. سێیەم: خاوەنی گاگەل -گا ومانگا- وپەز - مەڕ وبزن- كە زەكاتی فەرز جێبەجێ ناكات لە مەڕوماڵاتەكەیدا، لە ڕۆژی قیامەتدا ئەم گاگەل وپەزانە دێن وبێ ئەوەی هیچ كەمیان كردبێت بەڵكو زیاترن، وخاوەنەكەیان ڕادەخرێت لەسەر زەویەكی فراوان وتەخت، هیچیان قۆچ كەوانەیی یان بێ قۆچ یان قۆچ شكاو نین، بەڵكو هەموویان لە باشترین شێوەدان، بە قۆچەكانیان لە خاوەنەكەیان دەدەن وپێی بەسەردا دەنێن، كاتێک ئەوانەی كۆتایی تەواو دەبن؛ دیسانەوە ئەوانەی سەرەتا سەر لە نوێ دەستپێدەكەنەوە، بەم شێوەیە سزادانی بەردەوام دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا كە ماوەكەی بەپێی پەنجا هەزار ساڵە، هەتا خوای گەورە حوكم دەكات لەنێوان خوڵقێنراوەكاندا، ئینجا لە خەڵكی بەهەشت دەبێت یان لە خەڵكی دۆزەخ. چوارەم: خاوەنی ئەسپ، ئەمیش سێ جۆرە: یەكەم: هۆكاری گوناهباربوونیەتی، ئەگەر بۆ ڕیا وشانازی وجەنگان دژی ئیسلام ڕایگرتبێت. دووەم: هۆكارە بۆ پاراستنی، دەرهەق بە كەسێك بۆ جیهاد كردن لە پێناو خوای گەورە بەكاریبهێنێت، پاشان چاكەكارە بەرامبەری بە خواردن پێدانی ودابینكردنی پێویستیەكانی، وپێدانی نێرەكانی بۆ زاوزێ كردن. سێیەم: هۆكاری بەدەستهێنانی پاداشتە، دەرهەق بە كەسێك بۆ جیهاد كردن لەپێناو خوای گەورە ڕایگرتبێت بۆ سوود گەیاندن بە مسوڵمانان، لە دەشتێكدایە دەلەوەڕێت، هەر شتێك بخوات بە ئەندازەی خواردنەكە چاكە بۆ خاوەنەكەی دەنووسرێت، وبە ئەندازەی ڕیخ ومیزەكەی پاداشتی بۆ دەنووسرێت، وئەگەر پەتەكەی بپچڕێت وپروات وڕابكات بۆ هەر شوێنێكی بەرز لەسەر زەوی؛ ئەوا خوای گەورە بەئەندازەی شوێنپێ وریخەكەی چاكە بۆ خاوەنەكەی دەنووسێت، وئەگەر تێپەڕێت بەلای هەر ڕووبارێكدا ولێی بخواتەوە لەكاتێكدا خاوەنەكەی نایەوێت ئاوی بدات؛ ئەوا پەروەردگار بە ئەندازەی خواردنەوەكەی پاداشت بۆ خاوەنەكەی دەنووسێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-

پرسیاری لێکرا سەبارەت بە گوێدرێژ، ئایا وەکو ئەسپ وایە؟ فەرمووی: هیچ شتێك لە شەریعەتدا دانەبەزیووە تایبەت بە گوێدرێژ مەگەر ئەم ئایەتە تایبەتە نەبێت، کە گشتیە بۆ هەموو جۆرەکانی گوێڕایەڵی وسەرپێچی؛ کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ (7) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (8)﴾ [الزلزلة]، واتە: ﴿جا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەکی هەرە ورد چاکە وخێری کردبێت دەیبینێتەوە (7) وجا هەرکەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەکی هەرە ورد خراپە وشەڕی کردبێت دەیبینێتەوە (8)﴾، هەرکەسێك گوێدرێژ ڕابگرێت وەکو گوێڕایەڵیەك ئەوا پاداشتەکەی دەبینێتەوە، وئەگەر بۆ سەرپێچی بەکاریبهێنێت ئەوا سزاکەی وەردەگرێتەوە، وئەمیش گشتگیرە بۆ هەموو کردەوەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6611